# چریکەی زیندوو

جەلال هانیسی



هونەر بێ شک هەستی دەروونی هەر مرۆڤێکە، بەڵام لە دەروونی کەسانێکی تایبەتیەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەو هەستە هۆشیاری ولێوەشاوەیی تەواوی دەوێ تا بتوانی پەروەردەی بکات.

هونەری چڕینیش یەکێکە لەو هونەرە هەرە ئەستەم و گرنگانە کە بە دەنگ بەتایبەت بە هۆنراوەی ناسک و پڕناوەرۆک دەچڕدرێت، ئەمە لە خۆیدا کاری بچڕ(دەنگبێژ) واتە گۆرانیبێژ و مقام بێژ دژوارتردەکات، دەبێ ئەو هۆنراوەیە کە بە دەنگ دەردەبڕێت گوێگەر لەو پەڕی ناکۆکیدا بێنێتە جوش و روح و رەوانی لە پەرۆشی و خەمۆکی دەربێنێت و بیخاتە دنیای خەیاڵات و ئەرغەیانیەوە.

ئەگەرباس لە گۆرانی وهۆنراوە، پلەی دەنگ و چۆنیەتی دەربڕینی "سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی" بکەین بکەین، ئەشێ بچینە ناومێژووی ئە مامۆستا مقام ناس وئاوازچڕەوە، بێ گومان هیچ کەسێک بێ مامۆستا بە تەواوەتی ناگاتە پلەیەک کە بتوانی خزمەتێک بە کۆمەڵگا و گەلەکەی بکات.

دیارە بەرلە "سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی" کەسانێک هەبوون کە لە بواری گۆرانی ومۆسیقادا شارەزای تەواویان هەبووە بەڵام داخەکەم بەهۆی نەبوونی دەنگ هەڵگری ئەو سەردەم هیچ نیشانەیەکیان لە پاش بەجێ نەماوە، کە بێگومان لەوانە کەڵکی وەرگرتووە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم کەس بووە کە بە شێوەی فەرمی لە کۆمپانیا دەنگی تۆمار کردوە... لە حالێکدا هەم زمانی کوردی هەم جل وبەرگی کوردی لە سەردەمی "رەزاخان شای ئێران !!! وەک قوزەلقورت و چقڵ و درک بۆ شا و دەست . وپێوەندەکانی"وابوو.

دیواخانی بنەماڵەی "ئاسەف دیوان" کە مەکۆی دەنگ خۆشان و خۆشخوانانی شاری سنە بووە و لە هونەری مێعماریشدا کاریگەری زۆریان لە سەر شاری سنە بووە، نەیان هێشتووە ئەم دەنگە ئەفسانەییە هەرمانە بفەوتێ یارمەتیان داوە تا دەنگی تۆمار بکرێت، سەیید لە فەزایەدا پەروەردە بووە کە بە تەواوەتی دەستگاکانی مۆسیقای باش ناسیوە، بەڵام سەیید عەبدولئەحەد کوڕی گەورەی سەیید عەلی ئەسغەر وتویە: سەرەڕای ئەوەی کە باوکم مامۆستای نەبووە بەڵام .دەستگا مۆسیقایەکانی باش دەناسی

سەییدعەلی ئەسغەر بە سەر خەزێنەی ئەدەب وهونەری نەتەوەکەیدا زاڵ بووە بە تەواوەتی ناسیویە، ئەندیشە و ئاواتی دەروونی پڕ لە کوڵی ئەوە بووە کە مقام و ئاواز لە دیواخانەکانەوە بهێنێتە دەر و بیدا بە گوێی خەڵک و بیکاتە خوراکی رۆحی داراو نەدارو بەوپەری لێهاتوویی و خەمخۆریەوە بۆ میۆزیکی کوردی توانی ئەو شاکارە بخوڵقێنی و زمان و فەرهەنگی گەلەکەی بخاتە بەر چاوی گەلانیتر کە زمان و فەرهەنگی کوردیان بەکەم زانیوە و زمان و فەرهەنگی خۆیان سەرتر، وەک (فارس، تورک وعەرەب) کە بەختەوەرانە ئەو شاکارانەی کە سەییدعەلی ئەسغەر خوڵقاندویە نەک لەوان نزمترنییە بەڵکە سەرتر وبەرزتریشە. تەنیا ئەوچواردە ئاواز و مقامەی لە کە بەر دەستمانە نموونەی ئاوازی شاهانانەن، کە هەم دەنگەکەی هەم شێعرەکانی رۆحمان بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێنن! ئیستە شارەزایانی بواری مۆسیقا وگۆرانی لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە ناویانا کەسێکی وەک سەیدیان تێیدا هەڵنەکەوتوە، ئەمە بۆ نەتەوەی کورد وەک شۆڕشێکی فەرهەنگی .تەواو مانا دێتە ئەژمار و کوردیش شانازی پێوە دەکات ، ئەمەیە رەمز و نیشانە نەمری و هەرمانی سەییدعەلی ئەسغەر

تەنانەت کەسانی بواری مۆسیقا وئاوازی ئێرانی لە شێوازی تکنیک و چڕینی کەڵک وەردەگرن ، هێندە مامۆستایانە دەنگی سەیید هەڵدەفڕی ودەنیشێتەوە هیچ پێوەرێک نییە بتوانی رادەی دەنگی ئەم داودە کوردە دیاری بکات، هیچ کەسیش نییە بتوانی لەوکۆکەی کە چڕیوە بەجاڕی دا بڕوات چۆن سێحری دەنگی لەوەدایە.

سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی کوڕی سەیید نیزامەدین لە ساڵی ١٢٦١ی هەتاوی١٨٨٢ی زایینی لە ئاوایی سەڵواتاوا سەر بە چەم شاری سنە لە بنەماڵیەکی ئایینی لە دایک بووە، سەرەتا لە لای بنەماڵەکەی فێری خوێندن و نووسین دەکرێ، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەێنێرنە شاری سنە لە مزگەوتی "هاجەرە خاتوون" و "دارولئێحسان"(جامێعەی ئێستە)لە لای" شیخ عەبدول موئمن "باوکی( ئایەتوڵای مەردۆخ ) هەروەها لای "مەلائیبراهیمی کانی مشکانی" دەرسەکانی باوی سەردەمی خوێندوە، سەیید هەرلە دەورەی فەقیەتیدا بە هۆی دەنگ خۆشی یەوە ناوبانگ دەردەکات هەربەوبۆنەوە بانگ دەکرێتە مەکۆی شاعێران و دەنگ بێژان کە دیواخانی" ئاسەف دیوان" بووە.

نامەیەک کە سەییدعەلی ئەسغەر بۆ سەفارەتی میسر لە تاران نووسیویە بەڵام مێژووی لەسەر نییە، دەڵێ :ماوەی ٣مانگە نە بە خواستی خۆم بەڵکە لە سەرداوای" میرزا یعقوب سەمیمی هەمەدانی" نوێنەری کومپانیای "بدافون" کە چەندین جاربە نامە و تەلگرافی و تەلەفۆن داوای لێکردوم کە بچم گۆرانی کوردی تومار بکەم، ئێستە بە بێ ئاگاداری من چووەتەوە بۆ هەمەدان و لێ نەپرسیوم، داوا دەکەم ئەو زیانەی کە کردوومە کۆمپانیای ناوبراو قەرەبووی بکاتەوە دەنا هەتا مافم .نەدری لە بەر سەفارەتی میسرا مان دەگرم.

دیارە ئەو سەرگەردانییەی کە سەیید چێشتوویە گەلێک پەرۆشی فەرهەنگ و کولتوورەکەی بووە، کە لە پێناوی نەتەوەکەیدا غەدرێکی زۆری لێکراوە، لە نێو کوردە ئەمە یەکەم جارە کە کوردێک بەم شێوەیە لە سەر مافی خۆی مان بگرێ! تا بێ عەداڵەتی بە گوێی کەسانیتر دا بگەیێ.

سەیید عەلی ئەسغەر لە ژیانی خوێدا گەلێ مقام  وئاوازی چریوە کە بڕێکیانی لە کۆمپانیا تۆمار کردوە، گرێبەستێک کە لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاویدا لە بەینی سەیید عەلی ئەسغەر و حەییم حەدادی بەغدادی نوێنەری "کۆمپانیای پولیفۆن لە تاران" مۆر کراوە، بۆئەم گرێبەستە حەییم هاتوەتە شاری سنە لەو بەڵگەنامەدا نوسراوە" سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی" دەبێ لە ماوەی یەکساڵ دا ١٠سەفحە دوودیو ئاوازی کوردی تومار بکات وە تا ئەم گورانی گەلە تومار نەکات نابێ لە هیچ ماکینەیەکدا(کۆومپانیا) نە لە ئێران ، نە لە وڵاتێکی تردا گۆرانی تومار بکات.

سەیید عەلی ئەسغەر گەلێ گورانی تۆمارکراوە کە مخابن بەشێکیان فەوتاون

تەنیا چوارده مقام و ئاوازەی پارێزراون کە ئەمانەن:

مقامەکان

١_ سەدای زیل و بەم: سێگا ١

٢ . عەزیزا دڵ بریندارێ جەفاتم: دەشتی

٣ . شەرای جەهەنەم :هومایون

٤ . تولووع وغورووب سوب ئێوارانەن: ئەبۆعەتا

٥. زەردی خەزان : بەیاتی تورک

٦ . شادی گەرد خەم چۆن نەدۆ وەباد: شووشتەری

٧ . وتم سا ئەڵبەت تەمامت کەردەن: ئێسفەهان

ئاوازەکان

١- ئەی رەفێقانی تەرێقەت: شوور

٢ - خەمگین و دڵ پەشێوم: دەشتی

٣ - جانی جانانم وەرە: ئەفشاری

٤ - کراس کورتێ: دەشتی

٥- ئای لە لەنجە: ئێسفەهان

٦- هەی نابێ نابێ: ئەفشاری

٧- یارغەزاڵ: بەیاتی تورک

کاتێ تەم لە رۆژێکی ساماڵی زمسانیدا سەڵواتئاوای پۆشی بو،

ورتە و مۆرە لە زاری ئەویندارێکەوە دەرنەدەهات و

وشەی پەپوولە ئاسای دڵ نەخۆشی دەردی هێجران، یا بۆ باڵا گەردانی باڵات قۆچی قوربانم وەرە

یا کێ تۆی رەنجان قورئان گیربێ، لە لێوەوە هەڵنەدەفڕی،

نزیکی نێوەڕۆ مەل زریکانی،

دێ شێوا شار شڵەژا بۆبە شین و شەپۆڕ پیرپیاوان کەوتنە کۆچڕ،

ژنان خۆیان ڕنی، فرمێسک سێڵاو ئاسا لە چەم کەنیا،

هەی داد هەی رۆ پەپوولەی رۆحی سەییدعەلی ئەسغەری کوردستانی لە جەستەی هەڵفڕی ، دڵ بوو بە کۆ،

هەواڵی ئەم کۆستە وەک برووسکە کوردستانی بڕی

شیوەنی عەلی مەردان دڵی خەڵکی کەرکووکی هەژاند

دەنگی شێخ نووری سیخ ساڵح هەڵەبجەی غەرقی ماتەم کرد

سەعید ماملێ یارە خۆشخوانەکەی سەیید سۆزی شیوەنی مهابادی کردە مەغلیوە

١٥ی رێبەندانی ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی ( ٤.٢.١٩٣٧ی زایینی شای خۆشخوانانی کورد ماڵئاوایی لە ژین کرد و لە گۆڕستانی"تایلەی" "سەڵواتاوا" بە گۆرانی: دڵ نەخۆشی دەردی هێجران بە خاک سپێردرا. بەڵام ئێستە نزیک بە نۆ دەیە لە پاش مەرگی هێشتا دەنگی فریشتە ئاسا داودیەکەی ئاشنای ناخ و دەروونمانە.